کۆمەڵە شیعر

# ئێوارەیەکی پەمەیی



بەیان ئیبراهیم

Scanned with CamScanner




Scanned with CamScanner

# "ئێوارەیەکی پەمەیی"

پڕ لەهەستی دابڕان و یادەوەری!
ئێوارەیەك...
بەرلەوەی لێم بپرسی،
یان لەدەروازەی شاری دڵ بدەی!
لەگەڵ سترانێکی کەلسوما؛
بەناخی دڵما رۆئەچی!
ئێوارەیەك پڕ لەئەوین!
لە هیوای گەش و خەوبینین!
ئێوارەیەك لێوان لێوە؛
لەزایەڵەی ئەوینی تۆ!
بۆ ناخی من شاڵاو ئەبا!
ئێوارەیەك ...
بەرلەوەی شۆڕشێك بەرپاکەم!
لە بێبەهایی ژین بڕوانم!
ئێوارەیەو سەرنج ئەدەم!
لەوەرینی گەڵای تەمەن!
لەخەمی تۆ..
لەکولتووری چەرخی بۆگەن!

Scanned with CamScanner

## "وادەزانی"

تۆ، وادەزانی هەر لە لەپی دەستما ڕواویت!
بۆیە ئاوا بێباکیت!
تۆ بەدڵما ڕەگاژوو بوویت!
ئەی تەڕترین خەیاڵی سنەوبەر!.



Scanned with CamScanner

........

ئێوارەیەك ...
بەرلەوەی بتبینم!
چاوەکانم بۆت پێکەنن!
هەورێکی ڕەش ناخم ئەگرێ!
بارانی ڕەش ئەبارێنێ!
ئێوارەیەکی پەمەیی..
بارانی ڕەش...
بە جەستەما دێتەخوارێ!
لێوان لێوم لەبێ تۆیی!
ئێوارەیەك...
فریشتەکان ستران ئەچڕن!
لەگەڵ ئاوازێکی ناخم دا سەما ئەکەن!
ئێوارەیەك چاوەڕوانی شەقاوێکتم!
لەگەڵ دەستا ئینجانەی..
سەر پەنجەرەی ژورەکەشم بۆبهێنی!
ئەگەر هاتی...
پێکی نیگاو..،
پۆلێ پەیقی سەرهەڵگرتووی؛
شیعرەکانم لەبیرنەکەی!
دەنا، نەك هەردوێنێ، نەوەك ئەمرۆ
ئایندەشم لەدەست ئەچێ
ئێوارەیەك وەنەوشەیی،
ڕەنك وهێمای شارگۆڕاوە!

Scanned with CamScanner

بست بەبستی بۆتە تەلار!
جێژوانی من وتۆ نەماوە!
وامنەزانی دوای دابڕان،
تامەزرۆی یەکتر نابین!
خەو بەیەکەترەوە نابینین!
چاوڕەشەکەم ئێستا لەکوێی؟
کام ئاسمانت بۆ بگەڕێم؟
ئێوارەیەو لەگەڵ نیگاکانی،
خۆرئاوادا هەنگاو ئەنێم!
جاربەجارێ لەنێوتەلیسمی،
هەڵهاتووی هەورێکا،
بۆ سیمای ماندووت ئەگەڕێم!
ئێوارەیەو،
شیعرم وەك پەڕەی هەڵاڵەیەك،
ئێواریەو ...
شیعرم وەك بەرامی هەڵاڵەیەك
ڕەنگاڵەکان یاخی ئەکا
هەنگ سەرمەست و
کاسەکا بەدوای شیللەی لێوێکا
لەنێو گوڵ و هەڵاڵەدا بێ ماندوبون لەباڵ ئەدا .
ئێوارەیەو ...
شیعر گەروم ئەکرێ!
دنیای خەیاڵ داگیرەکا
دەمێك سۆزم دەبنە ئەسرین دەمێکی دی ..

دەبنە چەپکە خەندەی شیرین!
دەبنە جۆگەی ودێراوی ژین.
ئێوارەیەك بێ بەزەیی
منیش وەك ژین ڕەنگ ئەگۆڕم
ساتێ بێ ڕنگ
ساتی وەك گوڵی مێخەك پەمەیم
لەکەڵ پۆرترێتی هەورێکا
ناخی گەردون ئەهەژێنین!
وەکو ژنان یان هەر ئەگرین
یان بەخەمی دڵ پێئەکەنین
ئێوارەیەو ...
ساتێ بەرگی ماسیەکان ئەپۆشین
ساتێ ڕەنگی تاوسەکان
ئەگرین
لەبێدەنگی زەردەپەڕ ئەپرسین ئەشێ ژنێ ...
هەموو ڕەنگەکان بپۆشێ
لەتابلۆدا نیگا بکا؟
لەگورانی ڕامێنێ و
لەگەڵ هەناسەی شعرێکا بگری ؟
یان هەر دەبێ ...
بەدوای کۆدێکا بگەڕێین .
ئێوارەیەو ئیتر ..
منیش ژنێکی سەرکێشم
بەگوێی گوڵەکانی وەرزا ئەچرپێنم

Scanned with CamScanner

لەهەمووتان جوانترم
لەهەمووتان بۆندارترم ئیتر
ڕەنگی ئێوارە ئەپۆشم .
لەبیرت دێ...
پێت ئەوتم..،
بەپەمەییەوە زۆر جوانی
منیش زانیم
بەخامۆشی سەرسامی
بەڕەنگی ئێوارەوە هاتم
شووشەی دڵم نەشکانی

Scanned with CamScanner

هەستە!
ڕەنگم ڕەنگی خاکی گرتووە !
تۆ بەجاری ئەم دڵەمت تەوەلاکرد!
لە هێلانەی دڵی خۆتدا بزرتکرد!
ئەوەی دەڵێن لەتۆجوانترە
حەدیان نییە، لەجوانیدا بەتۆناگەن!
بگەن بە هەستی ناسك و،
ناخی پڕلەگوڵزاری تۆ!
عەشقی تۆ و هەناسەت مەستم ئەکا!
بۆنی عەتری گەردنت ئارامم ئەکا!
بە غەریبی لێم تێمەگە!
زۆر لەمێژە بەپەنجەرەکەت ئاشنام!
پەنجەرەکەت پێوەمەدە!
لەژێر باڵی خەیاڵی خۆم ئەت خەوێنم!
خەیاڵی تۆ ئاورێکە و لەسینەما بڵێسەی دێت
دەسووتێ دڵ!
ئاوێتەی ناکامی ئەوین و ژیانی بێ تۆ،
ئەی یار!.

Scanned with CamScanner

## "تەمەن"

سەمایەکە لە تەمەنی گلێنەدا!
سەراپای بەهەشتە لە شەقامێکدا!
کاتێك ئارەزوی بینینت دەکەم!
گشت چرکەساتەکان سەمات بۆ دەکەم!
ئیتر بەهێمنی سەیرت دەکەم!
تا لە جەستەو ڕوخساردا خۆم بزرکەم!
کاتێك لێت وردەبمەوە،
لەچاوەکانتا کوخێك دروست دەکەم!
لەدەنگتا هەست بەسۆزێ دەکەم!
کاتێك دێمە ناو ژینتەوە،
هەست دەکەم وەك پەپوولە باڵ لێدەدەم!
خۆزگە رۆژگار وایکردایە،
تا ئەبەد هی من بویتایە!
تەمەن بەوەسفی تۆوە تێپەڕی
لە چاوانتا،
شیعرێکی نوێ دەهۆنمەوە!
جوانکیلەکەم بمدۆزەوە!
مۆمی تەنیایم لە ئامێزگرتوە!
هێواش هێواش دەسوتێم!
با ئەمە دوا سەمای تەمەن بێت

Scanned with CamScanner

# "دووریـــی"

من.
هەمیشە لەگەڵ تۆدام!
ئەوساتانەش کەلێت دوورم،
دنیای تۆ پەلکێشم دەکا!
کاتێ کەسێ،
دەستت ئەکرێ، بانگت ئەکا
شاری بیرم ئەورۆژێنێ
گوێم لەدەنکی ناخی خۆمە!
ئاوازی،
عیشقم لێتێکئەدا!
پڕ بەگەروو هاوارئەکا..،
بەیان کەمێك ئارامت بێ!
کەس وەك ئەو لە دڵی تۆ ناگات!.



Scanned with CamScanner

## "ئـــــاخ"

لە ناو سەری منا، هیچ بەدی ناکرێ!
جگە لە سووڕانەوەی گێژەڵوکە و با!
نیگاشم،
وەکوو قسەیەکی درۆ شەرمەزارە!
ئارەزووەکان،
خۆیان لە سەمای بێرەحمی،
هەزاران دەرگای داخراو ئەسووتێنن!
داخراو،
بە ڵێ هەمیشە داخراو!
شەکەت دەبێت!
شەکەت دەبێت!

## "خەیاڵ"

تۆ ژیانی من بووی!
من بۆت ئەمردم!
تۆ لەگەڵما ئەڕۆشتی!
تۆباخەوانی هەناسەم بووی!
کاتێ من سەراپای خەمەکانم!
لە شەقامەکانا پیاسەی ئەکرد!
تۆ لەگەڵما ئەڕۆشتی!
تۆباخی عومری من ئاو ئەدەی!
تۆ لە دارستانا چۆلەکەی ئەشقەکانت ؛
بۆسپێدەی پەنجەرە دەعوەت ئەکرد!
کاتێ شەو دووبارە ئەبووەوە،
چۆلەکەی ئەشقەکان سەمایان ئەکرد!
ئەستێرەیەك ئەسووتا!



Scanned with CamScanner

## "تۆ"

جیاوازی لە هەموو جوانیەکان!
تۆ.
بەو تیلە ئارتینە!
ئاورت بەردایە گشت دارستان!
تۆ بۆ هێندە لەجوانی پەری ئاسمان دەچی ؟
بۆ هێندە سەما بۆ خۆشترین ئاواز دەکەی؟
بۆ هێندە دەست بۆ پەنجەرە تەماوییەکانی ئەوین دەبەی؟
ئەوینت ساردو سڕە!
لە خاچدانی گورگەو،
ناشتنی پەپوولەیەکە!

## "ئاینده"

ئاییندەی من تۆیت!
ئەمڕۆ کۆتایی دێت!
هیچ لەبارەی سبەینێوە مەڵێ!
من ناڵێم؛
سبەی ڕۆژێکی ترە!
من دەڵێم ؛
تۆ ڕۆژێکی تری!
تۆ ئەو ئاییندەیەیت؛
کە دەبێت لە پێناویدا زیندوو بمێنمەوە!.

Scanned with CamScanner

ئەستێرەیەك ئەڕۆی!
ئەستێرەیەك ئەمرد!
لەتاریکیدا بانگی ئەکردی!
بێ دەنگ دەبووی!
بەدرێژایی شەو،
تۆ لە ناو سینەما هەناسە برکێت بوو!
کەسێ هەڵئەسا!
کەسێ ئەڕۆی!
کەسێ تۆی ئەویست!
دوو دەستی سارد،
دووبارە ئەیان بردمە دواوە،
بەدرێژایی شەو،
دارستانەکە ئەسووتا!
مەلەکان لەسەماکەوتن!
هاواریان ئەکرد!
کەسێ تۆی بانگ ئەکرد!
هێور هێور،
سووتووی دارە سووتاوەکە
بەسەریدا بزەی ئەکرد!

Scanned with CamScanner

تریفەی مانگم!
لەگەڵما چاوەڕوانبە!
چاوەڕوانی وشەیەکم!
لەتۆوە بێت!
نزیکبوونەوە،
هەتا زیاتر لێت نزیك بمەوە!
زیاتر دەکەویتە ناو شەرابی دڵمەوە!
هەتا زیاتر لە کافێیەك
قاوەت لەگەڵ بخۆم!
زیاتر ئاوی لێوم شەیدای ماچێکت دەبێت!
هەتا زیاتر ڕۆبچیتە نێو ڕستەیەکمەوە؛
زیاتر بە باوەڕی تۆ بیردەکەمەوە!

Scanned with CamScanner

## "تریفە"

حەزم ئەکرد لە رۆژێکا چەندین جار بتبینم!
لەو رۆژدا،
حەزم ئەکرد
باڵندەکان نەفڕن!
لە بەیانییەکی پرشنگدا،
لەسەر دەریا ڕاوەستن،
جۆگەو ئاوی ڕووبارەکان!
تێکەڵ بە ئۆقیانوسی من نەبن!
تەنیا شەپۆلەکان ئاوێزانی من و تۆبن!
حەزم ئەکرد هەرهی منبیت!
شاخەکان چۆن ماچی ئاسمان دەکەن؟
لەوکوخەی کەبۆساتێك ماڵم بوو!
لەگەڵ بایەکانی بەهەشت،
بەپێی یاسا ئاسمانیەکان،
تێکەڵ بە هەسارەکانی ئامێزم بن!

Scanned with CamScanner

# "پاڵتداوە بە تەنیاییتەوە"

بەسرتەوە بەگوێی،
باراندا ئەچرپێنی!
چەتر پیاوێکە دڵپیس!
تکایە دایگرن بەسە!
منیش ئەڵێم؛
دەریا هەمیشە خەون بووە و
درۆم،
بەدەم شەپۆلەوە
هەڵبەستووە!
تا پێت بڵێم گەرشەقامێك مرد؛
کەنارێك هێشتا زیندووە!
گەر کۆڵانێك حەشاری نەداین ؛
دارێ، بەردێ،
چیایێ، ڕووبارێ
ناومان بە نهێنی دەهێڵنەوە!
بریا جارێ!

## "پەڕەی دڵم"

هەتا زیاترلەپەنجەکانمەوە بتکێیت!
زیاتر لەکارێزەی دڵمەوە دەکەوێتە قەڵبەزە؛
هەتا زیاتر،
لە ناو پشکۆی چاوەکانمە ڕابکشێیت!
زیاتر لەناو سکۆڵەی ڕاستمدا،
بۆئەبەد خەوت لێدەکەوێت!



Scanned with CamScanner

شۆڕشەکانمان چۆن سەرکوتکران!
تۆ پێم ئەڵێی؛
لە کتێبێکدا خوێندمەوە،
پشیلەش مافی هەیە،
ناسنامەی بێ!
سەگیش گڵاو نییە و،
ئەتوانین وەك هاوەڵێکی سیاسی
خۆشمان بوێ!
بریا ئێوارە پلیکانەی برقی بوایە و،
بێ ئەوەی پیاسەی تیاکەین،
ئەیبردین،
تا لەبەر جامخانەیەکدا،
ڕاینەگرتین و،
تۆش تێر تێر
سەیری ستیانێێکت ئەکرد و،
هەر لەبەردەمما
پڕۆفی سینەت ئەکرد!
من پێت ئەڵێم؛
هەموو شتێ لەبەرتا جوانە!
هەرچەن دەشزانم،
ڕەنگی زەردت لێ نایا!
ئەم عادەتە لامەسەبە،
هەر لەگەڵمە!
هەرچی تۆ بڵێی؛

ڕەیلی شەمەندەفەرێ
دڵی ئەم شارەی لەت ئەکرد و،
من وەك پیاوێکی فەڕەنسی
پیپم بکێشایە و،
تۆش بە کڵاوێکی فەرەنگی
جانتایەك بە دەست و،
تەقەی پێت،
چاومی داچڵەکاندایە!
لێرە نیگات نەبێ،
هەموو شتێ ئەفسانەیە!
وەك ئەوەی لە کافی شاپێکدا،
هەردوو مەست،
بەدەم ئاهەنگێکی سەیرەوە،
سەما بکەین و
کاتژمێر لێت مۆڕ نەبێ!
کە درەنگە و،
دایکیشت بە بیانووی ئەوەی
نیگەرانتە،
تێر بۆنت نەکا و
نەڵێ تامی کچێنیت نادەی!
نەکا ژنی و ئێمە بێخەبەرین!
بەدەم تەنیاییمانەوە دانیشتووین!
من پێت ئەڵێم؛
مێژوومان پڕە لەقارەمان و

# "بیرکردنەوە"

چاوەکانم بیردەکەنەوە!
دەستەکانم دەلەرزن!
سێبەرێکی تەنیام،
ئەوسێبەرەی وێنەی نابێتەوە!
لە شەوێکێ ساردە،
لەسەر تەمی پەنجەرەکەم بنووسە؛
لەبیرمکە ئەی بەیان لەبیرم کە!
بووم بە ئەستێرەی زەکفت و،
جلیوەم دەهات لە ناو بەیاندا!
وەکو بووکی ناو دەریا،
لەبەرخومەوە بە گەردوونم دەوت:
کەس بۆی نییە بتوانێ تۆم لەبیربکات!
لەسەرخۆ هەنگاو هەڵبێنە!
ئیدی ملوانکەی خەم هەڵمەچنە!

من بڵێم جوانە و،
هەر چی خۆشتبوێ منیش..
بریا وەك پیاوێکی فەڕەنسی،
منیش بموتایە!no
ئەم لەچکەت لێ نایا!
تۆ جۆرێك جوانی کە قژت،
بە سەر سینگتا
سێبەر بکا و،
نیوەڕووت لەسەرکورسی
پارکێ دانیشی!
بێ ئەوەی پیاوێك بە دزیەوە،
لە گەلەری مۆبایلیدا
سەیڤت بکا!

# "ژن بوون"

کەژن بویت..
ناتوانی دەرگا بۆخەم واڵاکەی!
ڕیگە نادەی.
کوچەکانی ڕاز تێت پەڕێنن!
لەسەر شەقامەکانا هاوارکەن!
ڕێگەنادەی،
خەمەکانت داگیرسێن!
نەبا یاساوڵ دوکەڵەکانیان ببینن!
کەژن بوویت،
خەمەکانت وەك میدیاکان لەرزۆکن!
لەژێر ماسك و..،
سووراوەکانی ژیانەوە ون ئەکرێن!
خەندەی درۆ لەسەر لێوەکانتەوە،
پەخش ئەکرێن!
کەژن بویت،
کەس هەست بە ئازارت ناکا!
لەماف و زامەکانت ناگا!
کەژن بویت،
ناچاری بەزۆر خەندە بکەی!
وەکوو پیاوەکان پێبکەنی!
وەکوو پیاوانیش خەمبخۆی

ئەی یار!
ئەو هەستەی تۆ مەبەستتە،
لەناو منا هەڵبەستە!
هەناسەی ژینم،
پەرژینی باخێکە!
هەرگیز لەیەکتری ناتۆرێن!
هەرگیز هەرگیز ناگۆرێن!
نە ئەتۆرێم نە ئەگۆرێم.

Scanned with CamScanner

ئەگەر وەك (زین ) بدەمە تاوی گریان!
پشت لە هەموو دنیا بکەم، دەدەرکەوە!
ئەی ( مەمی ) من وەك خۆری دەمە و ئێوارە!
دەپێ هەڵگرە و زوتر وەرە بۆلام!
پێم ناڵێی کێ وەك من بزەت دەداتێ!
کێ وەکو من ئاگای لێتە!
کێ وە کومن تۆی خۆشدەوێ!
ئەی مەمی من بۆ هەمیشە چاولەڕێتم!
گەر تۆ بەرەو لای من هەنگاو بنێت!
دەوەرەو جارێك بمبینە!
دڵی کەیلم دڵۆپ دڵۆپ!
خوێنی لێدەچۆڕێ!

Scanned with CamScanner

## "لەهەر جێژوانێکدا"

دەچمە نێو کووانووی عەشقەوە و،
دەڵێم ڕەنگە ئەمە دواهەمین سووتانی دڵمبێت!
هێندە چاوەڕوانیمکرد مەمی من هەرنەهات!
وەك کەسێکی دەرون تینوو،
هەر لەچاوەڕوانی ئەودام!
تاوێ بێحەواس و تاوێ زویرم!
لە خۆشەویستی ساتێ
دڵی شووشەم ووردوخاشە!
ساتێ وەك وەنەوشەی ڕوتەڵەی بەر باران!
کەسیرەی ژێر لێزمەی خەمم!
هەموو ناونیشانەکانم
بە پۆستێکی شەماڵدا دەنێرم!
بۆ ئەو تا شوێنپێکانم هەڵگرێ و بم دۆزیتەوە!
لۆمەم مەکەن!

Scanned with CamScanner

سەحەر کوژرانی ناوەختی بەیانییە!
بێ جوڵە و بێسەما،
سەرم لەسەر سنگی دایکم دانا!
لەسەر دیواری خشتە کاڵەکان!
دەنووسم:
سەحەر سەدایە و نامرێ!
دیسان تەواوی دارمێوەکان سەما دەکەن!
بەهارێکی عاشقانەی عەشق دەچێننن!
دڵی فریشتەی مەرگ وشەیتان،
دەچڵەکێنن

Scanned with CamScanner

# "هەڵەبجە زامەکەنت"

هەڵەبجە زامەکەنت،
زامی مێژووی کوردە!
هەڵەبجە زامەکانت بۆنی سێویان لێدێت!
سەرماو سۆڵی زستان،
سروشتی مردوو لە ناو زیندان
وورتە وورتێکی لێنایە!
ئەسرین لەسەر دڵی ژان،
لە سووچێکی ئاسمان،
زامەکان چەخماخە لێدەدەن!
باڵندە شینەکان بەرەو گزنگی خۆر،
هەرتاو دەدەن!
خەم زەفەری برد بە ڕۆحی پەپوولەکان!
لە شاخ و داخ و دەریا و دارستان!
هەریەك لە لایەك بەرە و گۆڕستان،
بۆنی سێوی هەزاران!
مناڵ و گەنج و پیری داڕزان!
باران و ژان،
فریشتەی مەرگ و شەوی شەیتان،

شیواوم، تا!
بنەخشێنم لە ناویا
ناوەکەی تۆ.
بەو بارانە پاییزەیەی،
ئاودارترم دەکا بۆ تۆ.
گەر بێتوو،
نەملاوێنی
وەکوو گوڵە شەوبۆیەکی دڵگیر!
لە ترسی خەزان و شۆڕشی پاییز!
تەنها پەنا دەبەم بۆ خۆشەویستی تۆ!
گیانە پێی بزانیت و نەزانیت!
لە ناو ئەم سینە وێرانەمدا!
دەمێنێ هەرئەو ناوەت لەدڵما!
لە بیرت نەچێ!
هەتا هەناسە مابێ لەگەرووما!
خۆشم دەوێت!
تۆ ئەو کەسەی!
وەك مێژوویەك،
وای لە دڵما!

Scanned with CamScanner

## "ئەفسانە"

وەرە كاروان كوژەكەی شەوگاری تارم!
وەرە ئەی جوانترین ڕوئیام
وەرە، ئاواتی هەموو ژینم!
هەناسەی دڵ،
هەموو کەسم!
ڕۆحی رەوانم،
سەرت بێنە!
سەرشانی بێنازی ڕۆژگارم!
دەمێك ئۆخژنی بێ!
گیان و دڵ و لەش،
وەرە با پێتبلێـم!
دەردت لە گیانم!
سەرت دابنێ،
بۆ تاوێ!
لە سەرسینگی خامۆشم!
گوێ بگرە لە ناڵەی دڵم!
تا بزانی بۆ دووریت چەند پەرێشانم!
وەرەو بە قامکی پەنجەکانت،
شانەیکەی پرچی،

Scanned with CamScanner

# "باران"

کاتێك باران دەبارێت،
دڵم بیانوو دەگرێ!
بەیادی شەوە بارانیەکان!
هەواڵی تۆ دەپرسێت!
فرمێسکی چاوم دێتە خوارەوە!
دڵۆپ دڵۆپ،
دڵی بیانووگری من،
بێ تۆ ئارام ناگرێت!
بۆکوێ رۆشتی شێتە گیان!
نییە لەلام ناونیشانت،
چەندە میهرەبانی
مەگەر لە تۆ چیم دەویست!
جگە لە عەشق و هاودەمی!
نمەنمە باران دەبارێت!
یادگارییەکان خۆیان نمایش دەکەن!

Scanned with CamScanner

## "تەنیا تۆ"

دڵم دانا بۆ خۆشیی تۆ.
حەرامم، لە خۆم!
ژیانێك كە هەبێ بێ تۆ!
تۆی، تەنیا تۆی
ئاواتی ژینم
لە ڕێی تۆدا،
من بەخت دەكەم!
نەك هەر سەروەت و سامانی ژینم،
تۆ لێت یەقین بێ،
تەنیا هەر تۆی
ڕووگە و ئەوینم!

Scanned with CamScanner

## "چی دەبوو"

چی دەبوو لە رۆژگارێکی دوورتر
تۆم بناسیاییە!؟
چی دەبوو لە پاییزدا گەڵاکان
هەڵنەوەرینایە!
چی دەبوو تۆ هی من بویتایە؟
چی دەبوو؟
ئەزانم بەهاری تەمەنی من .
بۆ تۆ قەت نێرگز ناگرێ
مەگەر بەخەون و خەیال،
لە ئامیزت گرن جارێ!
جیاوازی،
چ جیاوازیەکی هەیە؟
من ئەویندارى تۆ بم.
یا تۆ ئەویندارى من!؟
چ جیاوازیەکی هەیە ؟
پەلکەزێرینە،
لەکام لای ئاسمانەوە دەست پێدەکات؟

لە ناو ئەم دڵە ماندووەی، من.
ئەشقی تۆ لەبیرناچێت!
بە تۆم وت ؛
ئەی میهرەبان!
تەنیام مەهێڵە و لام بمێنەوە!
ئەمە کاری ئاشقانە نەبوو
بەتەنیا بڕۆی بۆ ئاسمان؟
بۆکوێ دەڕۆی شێتە گیان؟
ئێستا بۆ لەدەستدانی تۆ،
ئاوازدەخوێنم لە خۆشەویستی تۆ!
لە ژیانم هەرچیم هەبوو
سپاردم بەچارەنووسم!
لەگەڵ تۆ چیم دەویست؟
ئەی میهرەبان!

Scanned with CamScanner

## "گەردن ئازادیم دەوێ"

گەردن ئازادیم دەوێ ئەمشەو لە تۆ!
تۆی گوڵی گوڵزاری هزرو هۆشی من!
نازدارەکەم، نازدارەکەم،
گەردنم ئازاد بکە، ئێستا ئەوا ساردوسڕم!
ئێستاکەتۆ لە بیرت چوومەوە!
بە تاوانێك کە نایزانم
نازدارەکەم، گەردنم ئازادکە، گیانە !
گەر چاوەکانیشت،
لە خۆشەویستیی من، بۆ تۆ.
خیانەتیان کردبێ ؟
گەر لەجێگەی دەستی من،
دەستەکانت،

## "ژن"

ژنان هەموویان شاعیرن!
بۆ ئەوانەی خۆشیان دەوێن!
بە نینۆکی ڕەنگاوڕەنگیان،
بە گۆڕینی تامی لێویان،
بە داوێنیان!
بەڵام، کێ بێ سەرنج بدات ؟
لەگەڵ ئەو شیعرە جوانانە،
دەس بگرێت و سەما بکات!

Scanned with CamScanner

# "ئەم ڕۆژانە"

هیچ شتێکی دونیا لەشوێن خۆی نەماوە!
خۆم لێرەم،
سێبەرەکەشم
لەگەڵ
ئەودا!
لەشارێکی دیکە
دڵ
پیاسە دەکات!
وەرە ئەی سازی ئاوارە!
فریای سۆزی گریانم کەوە!
دڵم بەستەی دەوێ ئەمڕۆ!
بەجێ دێڵم کوردستانم!
من ڕووباری پردی ڕەشۆم!
کەوا دەڕوا و بەخێرایی،
کەسێ نازانێت لە جووڵە و ئاکامی!
وەڕێ کەوتین بە خەمباری!
بە بێنازو بە بێکەسی!

Scanned with CamScanner

لەگەڵ دەستێکی تر ڕاهاتبێ ؟
گەردنم ئازادبکە ناخی دڵم سوورە گوڵم!
گەردنم ئازادبکە، من.
ئەم نهێنێیم وا لە تۆ شاردۆتەوە!
نەمدەویست تۆ قەت بزانی!
عاشقی تۆ بووم بە دڵ!
نازدارەکەم!
نازانم لە کوێی چیرۆکەکانت بووم ؟
نازانم بە چ تاوانێك،
هۆکاری گریانت بووم ؟
بۆیە دەڵێم گەردنم ئازاد بکە!
ناخی دڵم، سوورە گوڵم!

Scanned with CamScanner

## "خەوم بینی"

کەسێك دەیوویست بم فڕێنێ!
تەواو فڕاندمی!
خەوم بینی،
لەسوچێکی شەقامەکەدا کەسێك ئازاری دام!
تەواو ئازار درام!
خەوم بینی،
لە دارستانێکی چڕو پڕ کەسێك پاڵی پێوەنام!
کەوتمە ناو چاڵی مەرگەوە!
تەواو مردم!
بەڵام کەتۆ دێتە خەوم!
نەمامە وشکبووی حەوشەکەمان دەگەشێنەوە
و چرۆ دەکەن!
بەڵام مانەوەت لە خەونەکانما زۆرکورتە!
چونکە مانەوەت هێندەی نێرگزی بەهار
تەمەنی کورت بوو!

Scanned with CamScanner

نەچاوی چاوەڕێمانە!
نەکەس دێتە پێشوازیمان!
وەکوو ڕۆژانی رەشی خۆم،
کە یادی تاڵی هەموو گەڵاکانی وەراند!
کۆتری ناخم شەهید دەکەن!
هەر باڵی پەپوولەیەك ئاگری ژانێکە!
بەدەم رۆحی سەوزی گریانێکەوە،
خوێن و فرمێسك و برین،
بۆنی مەرگە و دێ
لەنێو هەرماڵ و کۆڵانێکەوە!
پێ لەهەر جێیگایەك دادەنێم،
ئاوێنەیەکی شکاوە!
بۆ پشوودان بچمە هەر جێگایەك،
ئاسنی گەرم و پشکۆ و ئاگرە!
ئێمە ئەی خۆشەویستی سپی پۆش!
ئێمە ئەی نەتەوەی سەفەری خوێناوی لە مەرگا!
تاکەی ئەناڵی لەم هەموو ئاخ و دەردە!
وەك ئەوەی بەشی ئێمەی خێرنەدیوو!
بەسەرمای زستان لە کوێستانان تەزیو،
بەشمان تەنیا پەژارە و کولەمەرگی بێ!
ئاوات و ئارەزوومان،
نوقمی دەریای ڕەشی بێبەزەیی بێ!
بۆ ئازادی بەرامبەر بە دەریا و کێو چیا دەوەستن!

Scanned with CamScanner

## "نیگا"

نیگای بێگانە ئازارم دەدات!
تەنیا نیگای تۆ خەیاڵم دەبات!
بزەی سەرلێو و خەندەی نیگاکەت
تۆ
داوە بەکێ ؟
برژانگی چاوت
دڵم دەپێکێ
شیرینی وتەت!
تاڵی دەتاوێنێ
گرژیی برۆکەت! !
دڵ دەخورپێنێ.
بەهاری ئێمە،
لە پاییز دەکا!
گەر تۆ خۆت بەدڵ،
دڵمت نەپێکا!



Scanned with CamScanner

## "شێتە گیان"

ئەی جوانترین عەشقی راستەقینەی دڵم!
من لەباخی نەسیم بۆت دەگەڕێم!
تۆ لەناو ئەستیرە ئەدرەوشیتەوە ؟
من لەناو پەڵە هەورەکانی عیشقەوە دێم بۆلات!
تۆ لەناو هەسارەکانی جەستەما
تەنیا لە ئامێزمدا پشوو ئەدەی!
شێتە گیان!
ئەی جوانترین روئیای شێتانەی من!
ئەی خەم رەوێنم!
سوێندت بۆ دخۆم،
من تائەبەد لەلات بمێنم!
بەڵام ئەوەی تا ئەبەد ترسم لێی هەیە،
بەیانیەکی سارد و بەستەڵەك،
لەسەر تەمی پەنجەرەکەم بنووسی ؛
من کۆچمکرد بەرەو هەندەران!

Scanned with CamScanner

خەندەکەی [بایی[
وەرە باوەشم
جوانترین گوڵی نا سینەمایی!
تۆ خۆت دەستکردی حەزرەتی باریت!
بۆیە واجوانیت،
شلك و لە باریت!
تاکوو گوڵ بکا،
لە باخا گەشە!
بولبول بخوێنێ
بۆم وەرە حەوشە!
دونیا بە بۆنی تۆوە زۆر خۆشە!
ئەوەی تۆی ناوێ،
لە ژیان ناگا!
بەڵام ئەو کەسەی لە تۆ تێدەگا!
دێتە بەردەرگا و کڕنۆشێك دەبا!
بە بزەی سەرلێوان،
سڵاوێك دەکا!
لە وێنەی دڵێك،
گوڵ پێشکەش دەکا!
منیش ئەو کەسەم،
کە تۆ دەناسم!
بۆیە تۆم دەوێ ببی بەباسم!
نە لەدەرگا ئەدەی!
نەئیزن وەردگری!
دێیی و دەچی!

بەبێ هەستی،
نە هەوڵ ئەدەی!
نەتەنیا دێی!
هەروەخت و هەر شوێنێ،
کە دڵی خۆت بیەوێ،
ئەوە دەکەی!
چۆن بتوانم ئەوینی تۆ
لە نێو دڵما فەرامۆش بکەم ؟
بێئاگا لە خۆم خۆشم ویستی!
تۆ لە ژێرباران وچەترما بووی،
لەناکاو دڵت میوانم بوو!
کە نات بینم ئیرەیی
بەو خاکە دەبەم کە بەسەریا دەرۆی!
خۆ هیچ نەبێت بۆنی ئەو خاکە دەکەم!
من لە گەڵ فرمێسکێکی گەش هاتم!
هەڵت وەراند هەموو ئاواتم.
تکا ئەکەم شتێك بڵێ!
هیچم ناوێ تەنها ئەوە نەبێت،
لەناو ناخما مەیەو مەچۆ!.

Scanned with CamScanner

تۆی دوور لە هەستی هۆشیاریی،
ناکەی هەنگاو بنێی بەرەو پێشەوە!
بێیە ناو باوەشم،
بڵێی:
توخوا گیانە باوەشی خۆتم بۆ بکەوە!
من تۆم دەوێ تۆی مەبەستم!
تەنیا هەر تۆی ئاواز و نیاز و مەبەستم!
بە داخەوە چاوم خێڵ بوو و وەرگەڕا!
تۆ هەرنەهاتی!.

Scanned with CamScanner

# "چاوەڕوانی "

هەمیشە چاوەڕێی بینی تۆ بووم،
من.
چاوم خێل بوو هەرنەهاتی!
لەو شەقامەی کەجێژوان بوو!
بەڵام تۆراوی تۆ، نازانم بۆ ؟
هەرگیز پیاسەی لێناکەی،
دەزانم کە بەردەوام
سەرقاڵی
کاری ئەو جەنگەڵەی کە خەوی زڕاندووی!
لەخۆت ڕانابینی هەرگیز بە پا پێیدا بڕۆی!
چوون دەزانی تووشت بەتووشی من دبێ!
خەیاڵت لێدەبێ بە ِاستیی و ناتوانی،
خۆتی لێببوێری!
ئەوە منم هەمیشە چاوەڕیی تۆم!
کە دەرکەوی.
بێت بەرەو ڕووم،
بڵێی گیانە تۆم خۆشدەوێ!
تەنیا هەر تۆی خۆشەوێستم!
چیتر لە خەیاڵا ناژیم!
دەستم بگرە و بەرەو سەربەستیی ڕامکێشە!
بەڵام بەداخەوە تۆی ترسنۆک،

## بیرت نەچێ!

من ڕووبارێکم لە خووی خۆشەویستیی!
لەو دنیاش بێ دەتدۆزمەوە!
بە عەشقەوە زیندووت دەکەمەوە!
بیرت دێنمەوە من کێم ؟
بۆ تۆ چۆنم ؟
هەر تۆی خۆشەویستی خوشەویستییم!
وازناهێنم،
تا ئەوکاتەی
دەگەم بە ئاواتم!
ئەوسا بەشانازیی
تۆش هەڵدەگرم،
لە سەر شاباڵی خۆمت دادەنێم!
دنیای خۆشەویستییت،
پێشان دەدەم
تا بگەیتە ئەو مەزرایەی
پەپولەی روحمی تا بفرێت.

## "لە چاوەڕوانیتا"

جێژوان لەمانەوەم وەڕسبووم!
خۆر لە ڕوخسارم بێزاربوو
تۆ هەر نەهاتی و
هەرچەندمکرد نەمتوانی ئەو هەنسکانەم
لە ناو گەروی خنکاوما بوەستێنم
من لە بێ تۆید!
پەیتا پەیتا بێ هودەیم لێدەتکا و
ڕەنگی چاوەکانم
هەتا چاو برکا نەدەگەیشتنە هیچ هەنگاوێکی تۆ
ئەمە چاوەڕوانیەکی نەمرە لەعەشقدا
ڕۆمانێکە لە هەڵوەرینی یاداشتەکان
تەماشاکە چۆن تیشك لەنێو چاوەکانما
تەنها بۆ
بینینی سیمای ئازیزت
چەند پڕە لەفەلسەفەی غرووری
من لە گۆچووم
تۆ هەر نەهاتی
دەوەرەو ڕەنگی ئەم ئێوارەیە
مەشێوێنە بە تاوانە یاخیەکانت

## "مەگـــری"

ئەی دڵ مەگری!
بێڵە سەرم بخەمە سەرشانت!
مەگری من تاقەتی،
بینینی فرمێسکی تۆم نییە!
قسەکانی تۆ لەدڵی مندا،
ئەمێنێتەوە بۆ جیهانی!
پڕلە میهرو عەشق!
قەدەر بوو وایکرد!
نێوانمان تێکبچێ بۆ هەمیشە!
مەگری ئەمڕۆ ڕۆژی دڵە!
سەیری چاوەکانم
بکە و
لێی تێرمەبە!
بەفرمێسکەکانت سەیری،

دەوەرە و
با لەنێو نەسرمی ئەم ئێوارەدا
نەمە گوڵێکی بێناز
دەوەرە و با لەوەزیاتر لەنێو ئاهی ساردما
کز نەدرەوشێمەوەو
دوبارە نەگەڕێمەوە بۆنێو ئامێزی تەلسمی زستان
من تێناگەم
تۆ لەکام کاتژمێرا بانگ بکەم؟
تا لە هەناسەکانی خۆت تێر هەڵمکێشی
هەنووکەش هەتا ئێستا چاوەڕوانتم
من هیچ کاتێ
لە عەشقت یاخی نابم
هەزار هێندەش
لە بێباکی خۆتا سەرکێشبیت
سەد هێندەی تر کوشتنی
کاتەکانم لە تەنهایدا بهێڵێتەوە
هەرچی ڕۆژەکانمە
یەك لەدوای یەك بیان ژمێرم
بەدڵی تەنگەوە
بەس بە مەرجێ تۆ دەرکەوی
وەك زەوی
بەدەوری خۆری تۆدا دەسوڕێمەوە

## "ژیان"

نازانم چ بڵێم ؟
لەبارەی ژیان!
کارەبا دەبڕێ!
تابەری بەیان!
نەخەوم خەوە،
نەبێداری شەو!
دڵدەکا خەیاڵ!
گەڕانێك بەشەو،
بەناو کۆڵانی،
چۆڵ وبێ هەرا،
تاکوو دەگەمە
بەردەرکی سەرا!
١٧ی شوبات بوو
ناوەکەی گۆڕا
ناوە تازەکەی:
سەرای ئازادیی
دڵی ئێمە بوو
وا کەوتە شادیی!



Scanned with CamScanner

حاڵم بکە منیش خەریکە ئەگریم!
مەگری بەڕۆشتنی،
من.
تۆ، لەخەفەتا ئەمری!
فرمێسکەکانت بسڕە!
ئەزانم لەخۆشەویستی،
من خێرت نەدی!

Scanned with CamScanner

# "ژن"

فرمێسکی ژنێك.
بارانێکی بێ ڕەچەڵەك،
وەك گریانێکی بێناسنامە،
لەشیعرێکی گریاومدا دەستیپێکرد!
ئەو وەکوو شاخ،
مەیلی گوڵی بەفری،
دەکرد لەهەڕەتی تاوسانا!
ئەم خامۆشیە تادەهات دەسووتا و،
منیش وەك فرمێسکی پەڵە هەورێك،
لەودیو پەنجەرەی تەم،
لێنیشومەوەبۆت دەگریام!
لە یادگارە مێژووەیەکانت ڕاماوم!
بەکۆڵێ خەونەوە،
پڕ بەڕوناکی فرمێسکەکانم،
دەڕژامە سەر زەوییەکی تینوو!



Scanned with CamScanner

بەڵام نەمزانی
بە فیتی دوژمن
دوای چەند ڕۆژی،
وون دەبێ لەمن!
پەری ئازادی،
سەرای ئازادی،
دەبێتە مایە بۆ،
بازرگانی!.

Scanned with CamScanner

ئەگەر ئەمجارە،
گەر ئەوجارە،
بەڕیکەوت هاتمەوە نێو ژیان!
بەداخوازی و ویستی خۆم،
چاوم بەدونیا بکەوێتەوە!
پڕ بەدڵ پێمخۆشە،
وەکو پیاوێك،
ژیانم بەسەربەرم!
بۆئەوەی بتوانم بەڕەنگێکی تر،
لە ژیان و ژیانی پیاو بڕوانم!
بەرەو جیهانی پیاوان بکەومەڕێ!
تا بنووسم یاداشتێك بە قەلەمی نوێ،
دەبێ ئاخۆ هۆکەی چیبێ کە پیاو؟
هێندە خۆپەرست و شەهوانی بێ ؟
بۆ تێرکردنی خۆی لەحەز،
حەزێکی شەیتانی،
هیچ باکی نەبێ و
بێ شەرم وشکۆ،
بۆ تەنیا حەزێك کڕنۆش بەرێ بۆ،کێ؟
تەنانەت بۆ لە شفرۆشێیکی سۆزانیش!
یەکەمە بەستە و یەکەم خولیای،
بێ هاواربکا و،
بۆی بپاڕیتەوە،
بکەوێتە هەلەکە سەماو!

من لە کوچی نیگامەوە تاتەمی
سەرشوشەی پەنجەرەکەم،
وەك پەرووانەیەکی
دڵ هەنسکم دەدا بۆ ڕوناکی!
بەخەیاڵ وەسوەسەی تاریکی!
ئەستێرەکانی لە چاوم،
حەشارداوە و،
بەڵام دواجار وەك،
چەخماخەیەك
ئاسمانی چاوەکانم زیاتر،
ڕەهێڵەی فرمێسکیان،
بە خوڕتر دەباران!
بۆ ژیانەوەی نیلوفەڕێك!
پێمخۆش بوو زیاتر بگریم!
یان هیچ نەبێ وەك فرمێسکی ژنێك،
ناسینەوەی خۆمت بۆباس بکەم!
لەیاداشتنامەی،
ژنێکی ناخ سووتادا!
کوانوویەکی پڕ لە مەشخەڵ،
بە هەناسەی ساردی،
دێڕ دێڕ شیعری ڕەشدەکردەوە!
مەشخەڵ تا دەهات بەتینتر دەسووتا و،
بۆ دواجار نامیلکەیە لە شیعرێکی،
لەنێو وەرزی بەفرانباردا لەچاپ دا!

خۆی پێسالارە و ژنەش هەر ژنە.
پێشترخۆی دەکرد بەقوربانی!!
لەبەرچاوی دەبێتە گوڵەنێرگزی
هزری،
تاریکی ئارەزوومە ئەی ژیان!.

Scanned with CamScanner

هەڵپەڕکێ
ئەی پیاو!
ئەی مەیمونە شەمپانزەکە!
ئای کە بێشەرمانە،
بێ ئابروییت لێدەبارێ!
ئەمەچ جۆرە شێتییەکە ؟
ئەی پیاو!
لەماڵەخۆی خۆی پێ سالار.،
و پاشا، بە بێڕێزی
لە توخمی مێینە بڕوانێ! ،
چ تاوانێکە قەدری پاکیی
و دڵسۆزیی ئەو نەزانی ؟
بەڵام بۆ سەرجێیی وکاتی خەو،
دوا ساتەکانی شەو،
و ساتە زێرینەکانی قەڵای مێردان!
بێباك بچێتە ژوری.
خەو بەزمانێکی،
نەرموونیان کلکە لەقێ دەکا!
بۆ ئاروزەکانی،
خۆی.
بەقوربانی هەموو ئەندامێکی دەکا!
کە لێبوەوە و سەرخەوێکی شکاند،
بەخەیاڵەوە پیاڵەیەکی تریکرد بەژەقنەبوت!
ئەوسا دەکەوێتە سەرباری پیاوەتی،



Scanned with CamScanner

ژنە!
بۆوا هێندە شێت و شەیدای سەمای ژنە!
تەنها شتێك كە بەلایەوە جوان و خەیاڵیی بێت،
هەر تەرجومەی چاوەكانی ژنە!
دڵمخۆشە بەدنیایەك،
كەتێدابێ گوڵی سەربەست و ئازادیی،
گوڵێكی وا كە نەپروكێ،
بەڕەشەبای جەهل و نازانی.
پتەوبێ و بۆنی سەرسامی،
دڵی هەر عاشقێك خۆشكا،
كە ئازادە و دەبێ هەڵدا
لە سەرخۆی تاجی پاشایی!
بەڵێ گیانە بەم ئاواتە
ژیاوم من، دەنێرم،
خۆم پەیامی خۆم،
بە تۆی هاوڕێم دەڵێم گیانە!
چی‌یە؟ چ بووە كە ڕێزی عەشق نازانی؟
هەتا كەی قەدری من ناگری؟
بە زیندوویی سەرم ناگری ؟
بەخۆشیی تۆ لە باوەشتا،
بەڵام،
هەچكاتێ من مردم،
ئەتۆ ئەو كاتە بۆمدەگری!
وەرە گیانە، بزانە قەدری دڵداریی!.

Scanned with CamScanner

# "جیهانی پیاو"

ئەگەر ئەمجارە گەڕامەوەبۆ نێو ژیان!
بیم بەپیاو تا لەجیهانی پیاو،
وەك خۆی بڕوانم حەزدەکەم بزانم،
تێبگەم لەوەی بۆچی پیاو
لە ئاستی ژندا هێندە سالار سیفەتە ؟
حەزدەکەم بەهەموو هزرمەوە،
ناوەو دەرەوەی پیاو تاقیبکەمەوە!
تەنها ساتێکم بەسە بۆئەوەی بزانم،
پیاو کەخۆی زادەی ژنەو
بۆچی ئاوا بەرامبەر بەژن.
ئاوا ؟
دڵڕەقە تا سەرئێسقان دوژمنایەتی دەکا ؟
دەمەوێ هەست بەناپاکی‌یەکانی پیاو بکەم!
لەوەش زیاتر لێی تێبگەم،
بۆچی هێندە سووتاوی ڕوخساری ژنێکی ترەو،
تەنانەت کڕنوش بۆ سۆزانیەك دەبا!
کە بە سەرجێیەك ئابڕووی دەبا،
دەمەوێ بزانم پیاو،

ژنێنی بێ تۆم ناوێ،
مەڵێ ئەم عاشقە شێتە!
هەر بەدواما دێت،
دڵنیابە لەبەر تۆ نییە!
لەبەر خۆمە بەدواتا دێم،
تا ئەوکاتەی کە من دەمرم،
بە فرمێسکی خۆت،
دەبێ بی‌کەی گڵەبانی قەبرم!
بیناییم کوێرە.
هەڵنایە بە ڕووی کەس!

Scanned with CamScanner

# "سەفەر"

مەڕۆ بۆ شاری تەنیایی!
سەفەر مەکە، سەفەری چی؟
عومر و تەمەنمان زۆرکەمە،
کەمتر لەوەی سەیربکەی،
کەمتر لەوەی لێی تێبگەی!
بۆیە دەڵێم: سەبرت هەبێ و،
تەنیام مەکە.
وەرە با پێکەوە بفڕێن بە شاباڵی ئەوین!
لە ئاسمانا، لە ناو مانگ و ئەستێرەکانا!
بیدۆزینەوە نەسیمی ژین،
تۆ گەربڕۆی و جێمبێڵێ ؟
خەیاڵێکە کە خۆتی پێدەخافڵێنی،
بۆ هەر کوێیەك بڕۆی هەر لەگەڵت دیم!
دەشزانم من، بۆ تۆ نابم.
بەڵام ئەوەش بزانە کە بێ تۆ ناژیم!



Scanned with CamScanner

لەژێر هەردوو قاچی،
ئەو بەیانیە هەموو ژنانی گەڕەك،
بیستیان ژنێك بە ئازارەوە دەژی!
ئەوسا هەریەکەو،
لە بەردەم دەرگایماڵی خۆیدا،
بەهێما بەیەکتریان دەوت ؛
کچێ تاوانی ژنەکەیە!
پێمان سەیرە ئەو پیاوە،
بەستەزمانە چلۆن
لەگەڵ ئەو ئەژدیهایە دەژی.؟

Scanned with CamScanner

## "وەرە ئەی پیاو"

غروور مەبە!
با غرووری بێجێ نەتگرێ!
لەئاستی چاوم،
بەمەستیی چاوم،
تۆ غەڕرا مەبە!
چونکە نازانی،
چاوم نابینایە
نەك هەربۆ تۆ،
بە ڕووی هیچ کەسێکا هەڵنایە!
تەنیا بۆ تاقانەکەم!
بینایی دەگرێ و دەگری!
وەرە ئەی شەمعی شەوگاری ژیانم!
ئەمن گەر تۆم نەبێ وێرانە ماڵم.
ژنێك لە ماڵێکی گڵیندا،
قژی بەدەست پیا وێکەوە بوو،
وەك پۆڕێکی خوراو کەوڵیویەتی

بگێڕن دەوری ئەفلاتون و لوقمان!
برێژن ئارەقە بۆ نەوعی ئینسان!
بەڵام پێشتر لەبۆ کوردانی خۆمان،
کە مەحرووومن لە خۆشیی و ڕاحەتی گیان
چرای ڕێبن،
بکەن ڕووناکی بۆ ژین،
بەزانایی بکەن،
ئەسپی هونەر زین،
هەتا ئێمەش لە عالەمدا بمێنین!
بەسەربەرزیی
وەکو خەڵک بکەین ژین
خوێنمژانی وڵاتەکەم
ڕێگرن لە وەی پەپولەکانمان
ببنە دوارۆژمان
کارێك دەکەن ئەتان دەنە
دەست قرشەکان ئایلانەکەم!
قرشەکان بە ویژدانترن
تا سەرۆکەکان دەریاش دەزانیت!
بە مرۆڤە روح پیسەکان،
هەر لەبەرئەوە تۆیان،
ناردە قەراخ دەریاکان،
کزەی جەرگم کزەی جەرگم!
بۆ جارێکیتر وەرەوە باوشم!

## "کوڕم تاقانەکەم"

شیلەی ژیانم!
ئایلان گیانم!
من، ویستم ژیانت خۆشبکەم،
لەناکاو پەری دەریا هات و،
تۆی لێستاندم!
نەمامی باخچەکەی ئاواتەکانم بوی!
هیوام وابوو خودا بتداتێ
ئیقباڵ،
لەناو ماڵا بکەی شیرین گڕوگاڵ!
بچی بۆ مەکتەب و بخوێنی،
زانست.
بکەی خزمەت بەگشت هاواڵەکانت!
ئەوانەی دوور و نزیکن لە تۆوە،
وەکوو هەنگێت وەکۆبن وا لەڕێوە
بە ئامانجی مرۆڤانە،
لەژینا،

# دڵـــــم!

ئەوەت زانیوە لەناو منا
بەس تۆ ماوی ؟
دەترسم بگەم بەتۆ خۆم لەبیرکەم!
هەرچەند لێکی ئەدەمەوە
بۆ تۆ نابم،
بەڵام هەردێم!
چونکە تۆی ناسنامەو وڵاتم!.



Scanned with CamScanner

## "گەردنم ئازاکە"

نازدار، گەردنم ئازاکە!
کە ئێستاکە ساردو وێرانم!
ئێستاکە بیرت چوومەتەوە،
بە تاوانێك کە نایزانم ؟
نازدارەکەم گەردنم ئازاکە!
ئەگەر چاوەکانت خیانەتیان کرد،
ئەگەر لەجێگەی من
دەستەکانت لەگەڵ دەستێکی تر راهات!
گەردنم ئازاکە گوڵەکەم،
ئەگەر نهێنیم لێشاردیتەوە!
ئەگەر هەرگیز نەمدەویست،
کە بزانی عاشقت بووم!
نازدارەکەم نازانم،
لە کوێی چیرۆکەکانت بووم ؟
نازانم بە چ تاوانێك
هۆکاری گریانت بووم.؟

کە خۆمی پێ‌بسپێرم،
لەهیچ یاداشتنامەیەکی پیاودا،
ناکرێ و نابێ قەڵەم ڕاکێشێ!
عەشقی ژنێك بنوسێتەوەو،
وەك عیشقی خۆی لێی بڕوانێ
ئەی پیاو!
لەکاتێکدا تۆ ژن بەکانییەك دەزانیت!
تا تینویەتی خۆتی لێبشکێنی،
ئۆخژنێك بەلەش، بە ڕۆح دابێ،
دڵی خۆتی پێ وەحەسێنی
ئەمەچ شەرمەزاریکە ؟
تۆ، من، بەکانی بزانیت و
منیش بەبێ هەسترین بونەوەر؟
تکا دەکەم ئەی پیاو!
کەمێك بەخۆتا بچۆرەوە.
بەسە چیتر لەوە زیاتر،
شەکری ڕۆحم مەکرۆژە!
جوامێرانە بیرکەروە،
بە هەستی خۆشەویستی،
بۆ لای من بگەڕێوە،
بابزانی و لێشت ڕوون بێ
ماڵێك کە بێ ژن بێ،
ماڵیکە بێ پەنجەرە!
نەڕوناکی تێدا بەدیدەکرێ،

## "سەفەری پیاو"

بارگەو بنەی سەفەرم تێکنا!
بۆئەوەی بکەم سەفەرێك،
سەفەرێك بەناو هزرو حەزی پیاوا!
لەڕێی خوێندنەوەی چاوەکانی،
تا دەرکەوێ لوتکەی بەرزو هزری!
بەڵێ، بەڵێ،
بەخوێندنەوەی چاوەکانیا،
بۆمدەرکەوت،
جگە لە سەرکێشی!
هیچیتری لە ژیانانیە،
زۆرجار بەناو خەیاڵەکانی،
پیاودا ڕۆیشتووم!
بەداخەوە، بەداخەوە،
هەستم،
بەئەوینێك نەکرد!

Scanned with CamScanner

لەخۆشەویستی تێیدا سەردەگرێ!
بەناو شاردا گەڕام،
سلێمانی،
چیم بینی؟ بینیم،
لە شارەکەم،
شاری مەولانا و نالیی،
شاری بێکس و، پیرەمێرد و مەحوی،
شاری حەپسەخان و تۆفیق وەهبی،
هەر کەسەی بە دوای شتێکا عەوداڵ بوون!
بەڵێ.. هەریەکە و
دوای خەونێکی خۆی کەوتبوو،
یەکێ دوای پلە وپۆست و،
یەکێ پارەو مناڵ،
یەکێ دوای ڕوئیاکانی بە خەیاڵ،
دەڕازاندنەوە بۆ بەهاری ساڵ!
یەکێ بەدوای دۆزینەوەی،
خۆشترین ساتەکانی ژیان و
یەکێ تر،
بەدوای چێژوەرگرتن لە ئێوارە خوانێ!
لەنێو باخەکانی بەگوڵ هەژاو
هێشتا ڕۆژ نەگەشتبوو بە ئاوابوون!
بینیم پیری زانا،
بەچراوە دەگەڕا،
پرسیم پیری ژیرم،

چی‌یە چیت بزرکردووە؟!
ووتی غەوغای مرۆڤە دۆڕاوەکان
بێزایانکردووم و
ئارەزوومە مرۆڤێك ببینم!
هەناوی پڕبێت لە خۆشەویستی و عیشق!
ووتم پیری ژیرم،
پێشتر زۆر کەس بە شوێنیداگەڕاوە،
بەڵام بۆکەس نەدۆزراوەتەوە!
ووتی؛
منیش ئەوەم دەوێ!
ئەو مرۆڤەی کە هزری پڕە لەڕوناکی!
لەناکاوا هاتە بیرم،
هێمن دەیووت:
چۆن پەنا نەبەم بۆ مەی و مەیخانە کە تێگەیوم!
لەم وولاتە هەموشت زۆرە بەنی ئادەم نەبێ،
ئێستە بۆچاری خەمەکانم،
گۆشەیی مەیخانەیە نەبێ من هیچی دیکەم نییە!
من کە ڕۆژێ دەمەویست میللەتەکەم بێخەم کەم،
بەڵام گیانە تۆ بزانە!
دەرمان دەردی ئەم ژانە،
عەشقێکی هێندە پیرۆزە،
لەسەر زەوی لێوانلێوە،
لەهەراو زنای ئەو مرۆڤانەی،
کەعەودالن تەنها بۆ کات کوشتنی ژیان!

## "ئەوین"

ئەوین بەرەو نەمریم دەبات!
ئەوین کرۆکی باڵای ژیانە،
لوتکەی گەیشتنی خۆشەویستە!
ئەوین با بەکارەساتیش کۆتایی بێت
هەر کۆمەکی ئەشقت دەکات،
تا بێجگە لەم جیهانە،
بەچەندان جیهانی دیکەش ئاشنا بێت!
بەرەو ئەو جیهانەت دەبات،
نە سەرەتایان ئاشکرایە،
نەکۆتاییان دیارە،
ئەوین.
هەر یەکبوونی دووئینسان نییە!
یەکبوونی ئینسانە لەگەڵ دونیادا!
دەربازبوونتە لە دونیا سنوردارەکەی خۆت،
رزگاربوونتە لەتەنیایی و دوورە پەرێزیی!
بوەستە!

کە ئەمێستا،
شارەکەمیان کردوە بە شاری بێوەفاکان!
هەربۆیە،
منی ئەویندار،
وەك ئەوان
نەکەوتمە دوای ژین وخۆشبەختی،
چوار وەرزی ساڵ،
من بەدوای عیشقی یەکێکدا گەڕام
بزە دزراوەکانم،
پێ ببەخشێتەوە!
بەڵام.. درێخ!
هەتا ئێستام نەمدۆزیەوە!
تۆ لەکوێت ئەی! عیشقی من.
تۆ لەکوێت ؟
ئەی ئەفسانەی جوانترین سەرگوزشتەم
تۆ لەکوێت... تۆ لە کوێت؟
هۆ دڵەگیان!

Scanned with CamScanner

ئەشقەکەت بدۆزیتەوەو خۆشت بوێت،
ئەگەرنا بەناتەواوی دەمێنیتەوەو،
نابیتە ئینسانێکی تەواو
دەبێت بیدۆزیتەوە!
ئیدی لەبازنەی تەنیایی خۆت زیندانی مەکە،
دەبێت خۆشەویستی بۆ ئەوە بکەی
تا وێڕای خۆشەویستەکەی
هەموو زیندەوەرەکانی تریشت
خۆشبوێت!
خۆشبوێت،

Scanned with CamScanner

# "نیشتمام"

ئەو نشیتمانەی گەورەپیاوی باشی نەبوو گۆرستانە!.
هات و نەهاتی مووچە بۆتە خانەی فەرهەنگ،
تەنانەت ژووری کارەکەم بۆنی رۆحی مردوی لێدێت.
سەرۆکی لەکارکەوتوو،
شاری پر لەرۆحی مردو،
بازاڕی بێگیرفان،
برینە قەیراناوییەکان!
سەرووەریمان دەکوژن!
ئەگەرخەمی نان لێمگەرێ،
کازیوەیەك لەسیما،
فریشتەیەك لە ئاسمان،
مرۆڤێك کە هەرخۆتی،
بەسۆزێکی بێکۆتا،
شیعرت بۆ دەلێم تاوەکوو بەیان!
شیعرێك سەراسەر پڕە لە گریان،
دوکەڵێ وا بە ئاسمانەوە
سەمای مەرگ
خوێن و خوور،



Scanned with CamScanner

دەتان روخێنین!
نەك بەرەو شاخ،
شاخ شەرم لەخۆی ئەكات،
ئێوەی ڕفێنەری ولاتەكەم،
بگرێتە خۆی،
كوردستانم!
ناسنامەو وڵاتم،
كوورەی خەبات وئازادی ژینم!
سەرۆكی لەكاركەوتوو،
شاری پڕ لەرۆحی مردو،
بازاری بێگیرفان،
برینە قەیراناویەكان،
سەروەریمان دەكوژن،
ئەگەرخەمی نان لێمگەرێ!
كازیوەیەك لە سیما
فریشتەیەك لە ئاسمان،
مرۆڤێك كە هەرخۆتی،
بەسۆزێكی بێ كۆتا،
شیعرت بۆ دەڵێم تاوەكو بەیان،
شیعرێك سەراسەر پڕە لە گریان!
دوكەڵی وا بەئاسمانەوە،
سەمای مەرگ .

Scanned with CamScanner

ئازارو ژان،
ناڵەی بێسەرپەرستان
لە قورگی زلهێزەکان،
ترس چەکەرەی کردووە!
گەڵایەك بێ زمان،
پێکەنین لە ناو زیندان
داڕزانی دەنگی ئاوینەکان،
لەناوبردنی هەڵۆکان،
نەتاندەزانی!
ئێمە رۆڵەی ئەم خاکەین،
بەردەوام سەوزین،
چەشنی درەختین،
لەبن نایەین ناسرەوین
ئاڵای کوردستانە خوێن ودەمارمان!
تاکەی ژیلەمۆی وڵاتەکەم،
بەتاڵان دەبەن،
داهاتوو ماڵ وسامانمان،
بۆچ لەناو دەبەن!
ئەگەر ئازادیشم لە ناوبەری،
ناتوانی بیرو باوەڕی بکوژی!
من کوردم
وەك شاخ و چیا
بەهێزم.
ئازاو بە جەرگم،



Scanned with CamScanner

## "ئەی هاودەمی مرۆڤی باران"

ئەی ! شکێنەری /با/
من و تاریکی ؟
من و تەنیایی؟
راستیم بۆ بێنە!
لە ئاوێنەی جوانی،
سەحرای چاوی ئەسرینی تۆ،
نهێنی گەورەی ئەزەلە،
ئەی مانگی گەورەی من!
سروشت بەتۆوە بەندە.
ئاسمان بە تۆوە شینە،
ئەی کەدێیت روناکی ماڵم،
ئەوینت ئاڵایەو خاکم سەدایە،
قەڵبەزەی دڵ ناژاکێنێ،
من تینووی سەرخاکی خۆمم!
خاکێك ئاڵایەو خاکێك سەبایە!
وەرە و لەگەڵما بگری،

تا سارێژبێت زامە کۆنەکانی من.
مۆمی بڵێسەی ئەوینت بووم،
دەستت ببە بۆ دڵم دەری بکە!
وێنەی خۆتی تیاببینە،
وەکو دواین وێنەت،
دەمەوێ پڕبم لە ئیرادە!
هەر وەك نەمری بۆ نیشتیمان و،
ئاشقانی ئەمرۆ،
ئەی خاکەکەم!.

Scanned with CamScanner

ئەو رۆژانەی بانگت ئەکردم!
من لە دڵە خوورپەی پەڵە هەورێکا بووم؟
هەڵلەرزینێك هەڵ دەلەرزم
وەك ئەوەی سەمای باران بکەم؟
بەبێ چەتر!
تا ئەم راستیە حەزی ئەکرد
ئەو ساتە ترپەی دڵی رابوەستێ؟
تا لەکۆڵ ئەم بارگرانیە بێتەوە،
بە دەنگێکێ پڕ لەگریان
هاواری دەکرد!
لە ئامێزم بگرە ئاسمان،
تا لەترپە ئەوستێت؟
ئەو خونچانەی لە تیشکی خۆردا ئەکرێنەوە!
بۆیەکەمجار دەمی مرۆڤێك هەنگی دەچێتە سەر!
تا هەڵاڵەو پەڕە ناسکەکانی بمژێت،
ئەگەر گوڵەکان خۆیاندا بەدەستەوە،
ئەوا دەمرن و لەناودەچن!
گەر بەرهەڵستیان کردو پەڕە
ناسك و جوانەکانی گۆری.
بەدڕکێکی تیژی زۆر،
دەتوانێت بژی لە نێو هەنگە برسییەکاندا؟

# "ئێوارەیەکی با"

کاتێك خەونت پێوە ئەبینم،
هیچ شتێك لەکاتی خۆیدا رووی نەداوە!
چاوە ڕەشەکان لەناو چاوانیدان،
کەمێك بەلای شتێکدایە،
شتێکی قوڵ!
وەك شینایی ئاسمان لێیوورد دەبێتەوە!
هەست دەکەی لە بەردەم ئەم کەونەدای،
گەورەییەکی ترسناك!
گەورییەکی بێدەنگ!
جووڵەیەکی شاراوەو نەهێنی،
لە رۆحی ئاسمان دەترسێت!
لەمردن ؟
مردن بوونی هەیە؟
بەڵام من دەترسم!
لەچی دەترسی؟
لە ژیان؟
بەڵێ ژیان!

# "لەیاداشتنامەی ژنێکا"

لەیاداشتنامەی ژنێکی ناخ سوتاودا
کوانویەکی پڕ لەمەشخەڵ
بەهەناسەی ساردی
دێڕ دێڕ شیعری گەش دەکردەوە
مەشخەڵ تا دەها ت بەتینتر دەسووتا و
بۆ دواجار نامیلکە شیعرێکی
لە وەرزی بەفرانباردا لەچا پ دا!

# وەرە ئازیزەکەم

وەرە دەستت بۆنی عەشقی گرتوە
لەسینەما هەڵمگرتوە
ئەمشەو تابەری بەیانی
نەنوستم سەرنجم ئەدای
وەرە ئازیزەکەم وەرە
سەد خۆزگەم بێت بەو ڕۆژەی
کە لەگەڵ تۆ بێت مردن خۆشە
قەترەیەك فرمیسکی چاوم
بۆتە گرکانی یەك ووشە
وەرە ئازیزەکەم وەرە
ئەسرینی گوڵ و وەنەوشەم
هەرچەند لێکی دەدەم
بۆ تۆ نابم بەڵام هەردێم
چونکە تۆی ناسنامەو
وڵاتم
وەرە ئازیزەکەم وەرە



Scanned with CamScanner

# خۆشەویستی

خۆشەویستیت کلوی بەفرە
دەیتەزێنێ هەموو گیانم
دوریت زستانێکە
لەرزە لەرزێتی لێوەکانم
کۆچت پایزێکە
گەڵاوەریو وشکە خاکم
زۆردەترسم لەچاوانتا خۆم نەبینم
ئەگەر بڵێم
خۆشەویستیت دەریایەکی بێسنورە
خۆشەویستی خۆشەویستیم
بێتۆساڵی خۆشم نەدی
لەم رێگا پڕ غرورە
ئەوساتە دێت پێت شاد بمەوە
تا شەونمی هەرێزەکەم
وەك کریستاڵ بدرەوشێتەوە

Scanned with CamScanner

## ئاوێنەی دڵ ،

ئاوێنە بەس بروانە
لەچاوما خۆت نابینی
ڕۆحمت کردۆتە گەمە
وا ئەزانی لە دڵامدآ جێگەت تەنگە
چاوەکانم ئەدەم بەتۆ
ئیترئاوێنە مەدوێنە
لەگەڵا باڵات گەشەم کردوە
جێ ماچەکان نەسریتەوە
کەتۆپێناسەی ڕۆحمی
پاساوی چی داوا ئەکەی
خۆشم ئەوێیت تۆ بوێمی

## غەریبی

هەستێك لە ناخمدایە
هەستێکی شاراوەو غەریب
دڵم پڕی بێدەنگیە
شەقام سەمای باڵندەیە
تازە تێگەیشتوم
یان من زیادەم لەم شارەدا
یان کەسێکم دەوێ لێرە نیە
کەی دێیتەوە
لەسەر ترۆپکی ژیانی
هەمیشەیم بیت
وڵاتی عەشقم ئاوەدان بکەیت



Scanned with CamScanner

# ژنەکان

ژنەکان فرمێسکی خەم دەخۆنەوە
ژنەکان دەچەوسێنەوە
زیندانیی بەر پەنجەرەتەماویەکانن
ژنەکان ..
سەمای پیاوسالارییان پێدەکەن
شاعیرن دەبنە دایك بۆ تریفە
بۆیە ژن ژیانە
پیاوەکان ئاسمانی بێمانگن
پیاوەکان مرۆڤ کوژن
پیاوەکان شاعیرن
بۆیە مردن لایان پیاوانەیە
من لەنێوان هەردوکیاندا
ژنانە دڵی دایکێکی
جەرگ سوتاو دەنوسمەوە

ئاسۆی رونم تۆی باوەڕو پۆڵا،
لەسەرمای زستان ،
بەگەرمای هاوین،
لەجەنگەڵی بیابان ،
لەشاری حوشتران ،
خاکو وڵاتم دەپارێزی ؟
لەدەست و قاچ و سەربرین ؟
ئەی پێشمەرگە؟
چیتر قەلە ڕەشەکانی عەرەب،
کاریگەر نین بۆسەر وڵاتەکەم ،
لەهەموو شەقام و کوچەو کۆڵان ،
دەنوسم!
کوردستانم شاری شارانم ،
شاری هەڵۆ بەرزەکانم ،
هەر دەڕۆن و ؟
هاوار دەکەن !
ئێرە کوردستانە؟
کوردستانە؟
جێگەی هەڵۆی هەردانە !
ئەی پێشمەرگە،

Scanned with CamScanner

# پێشمەرگە

ئەی ڕێبەرم پێشمەرگە،
پێشڕەویی تۆ بۆ هێند بەهێزە؟
ئازادیت بۆ گەل وەك مانگ ڕۆشن کرا !
ئازاو نەمری ؟
دڵی دوژمنت هێنایە لەرزە،
تۆی کە جێی شانازیت
بۆ زێدو باپیرانم ؟
بەخوێنت خاکم دەپارێزی ،
تا سیمای نەژاکێت وڵاتم
خوێنی گەشتان قەت بیرناکرێ ؟
لەدڵی میلەتا هەمیشە زیندون ،
ئەی پێشمەرگە !
سەربڵندم تا ڕۆژی مردنم ،
تۆی پێشەوای ؟
کانگای خەبات و ژینم ،
ئازایەتی تۆیە کوردستانم ڕەنگینە،
خامۆش ناکرێ مەشخەڵی پر گۆشەو ئەوینە؟
ئەی پێشمەرگە؟
لە مردن قەت نەترساوی ،
مێژووت سەلماندی تۆی هەناوی خاکم !

## عیشق

بەعیشق بڵێن
کەی دێتەوەلام
من بۆ ئەو دڵم
پربۆنی پرتەقالە
بەژوانێ بڵێ
ئاسودەبێت
کەهاتم مشتێ
لەتریفەو
بەرچنەیەك بەڵێنی
دڵنیایی بۆ دێنم

ئێوارەیەکی پەمەیی
پڕ لەهەستی دابڕان و یادەوەری!
ئێوارەیەک...
بەرلەوەی لێم بپرسی،
یان لەدەروازەی شاری دڵ بدەی!
لەگەڵ سترانێکی کەلسوما؛
بەناخی دڵما رۆئەچی!
ئێوارەیەک پڕ لەئەوین!
لە هیوای گەش و خەوبینین!
ئێوارەیەک لێوان لێوە؛
لەزایەڵەی ئەوینی تۆ!
بۆ ناخی من شاڵاو ئەبا !
ئێوارەیەک...
بەرلەوەی شۆڕشێک بەرپاکەم!
لە بێبەهایی ژین بڕوانم!
ئێوارەیەو سەرنج ئەدەم!
لەوەرینی گەڵای تەمەن!
لەخەمی تۆ..
لەکولتووری چەرخی بۆگەن !



Scanned with CamScanner